# ئایا سەرسامن بە غیرەتی سەعد، واللە من لە سەعد غیرەتم زیاترە، وخوای گەورە غیرەتی لە من زیاترە، بەهۆی غیرەتیەوە خوای گەورە بێڕەوشتی قەدەغە وحەرام کرد؛ ئەوانەی ئاشکران وئەوانەش کە شاراوەن، وهیچ شەخسێک وەکو خوای گەورە بە غیرەت نییە

لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سەعدی کوڕی عوبادە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەگەر پیاوێک ببینم لەگەڵ خێزانەکەم ئەوا بە شمشێر لێی دەدەم (دەیکوژم)، ئەم باسە گەیشتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وفەرمووی: «ئایا سەرسامن بە غیرەتی سەعد، واللە من لە سەعد غیرەتم زیاترە، وخوای گەورە غیرەتی لە من زیاترە، بەهۆی غیرەتیەوە خوای گەورە بێڕەوشتی قەدەغە وحەرام کرد؛ ئەوانەی ئاشکران وئەوانەش کە شاراوەن، وهیچ شەخسێک وەکو خوای گەورە بە غیرەت نییە، وهیچ شەخسێک بیانوو هێنانەوە وئاگادار کردنەوەی پێخۆش نییە وەکو خوای گەورە؛ بۆیە پێغەمبەرانی ناردووە کە موژدە دەدەن وهەڕەشە وئاگاداری دەدەن، وهیچ شەخسێک ستایشکردنی پێخۆش نییە وەکو خوای گەورە بۆیە پەیمانی چوونە بەهەشتی داوە (بە ئیمانداران)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سەعدی کوڕی عوبادە دەڵێت: ئەگەر پیاوێک بە تەنها ببینم لەگەڵ خێزانەکەم ئەوا بە شمشێرەکەم لێی دەدەم، واتا دەیکوژم بە بێ وەستان، ئەمیش بەهۆی غیرەتی سەعد بووە، ومانای ئەوە نییە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕازی بووە لەسەر ئەم قسەیەی چونکە لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە لە (مسلم): (أَنَّ سَعْدَ بنَ عُبَادَةَ الأنْصَارِيَّ، قالَ: يا رَسولَ اللهِ، أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَجِدُ مع امْرَأَتِهِ رَجُلًا أَيَقْتُلُهُ؟ قالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: لَا، قالَ سَعْدٌ: بَلَى، وَالَّذِي أَكْرَمَكَ بالحَقِّ، فَقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: اسْمَعُوا إلى ما يقولُ سَيِّدُكُمْ) واتە: (سەعدی کوڕی عوبادەی ئەنساڕی ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ ئەگەر پیاوێک پیاوێکی تر ببینێت لەگەڵ ئافرەتەکەی (بە تەنها) ئایا بیکوژێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نەخێر، سەعید ووتی: بەڵێ، سوێند بە ئەوەی تۆ بە هەق ناردووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: گوێبگرن گەورەکەتان چی دەڵێت)، ولێرەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لە غیرەتی سەعد ومانای ئەوە نییە هەرکەسێک پیاوێکی لەگەڵ ئافرەتەکەی بینی دەستبەجێ بیکوژێت چونکە لەوەیە گومانێک یان هەڵە تێگەیشتنێک هەبێت، وئەمیش نیشانەی غیرەتی سەعدە وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئەو لە سەعد بە غیرەترە، وخودا بە غیرەتترە لە ئەو، وغیرەتی خودا وەکو سیفەتەکانی تری خودایە کە تایبەتە بە خودا، ولە غیرەتی بوونەوەرەکان ناچێت، بەڵکو سیفەتێکە شایستەی زاتی مەزنی خودایە، وەکو: توڕەیی وڕازی بوون وسیفەتەکانی تر، وشەی (شەخس - شخص) بە واتای بەرز وبڵند وگەورە ومەزن دێت وخوای گەورە لە سەرووی بوونەوەرەکانەوەیە ودەسەڵاتی هەیە بە سەر هەموو شتێکدا بۆیە بەکارهێنانی وشەی (شەخس - شخص) کە بە مانای بەرزی وبڵندی ومەزنی دێت هیچ شتێکی تێدا نییە بە پێی بنچینەکانی ئەهلی سونە کە ئەو دەقانە بەکاردەهێنن وپشتی پێدەبەستن کە خودا یان پێغەمبەرەکەی فەرموویانە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (بەهۆی غیرەتیەوە خوای گەورە بێڕەوشتی قەدەغە وحەرام کرد؛ ئەوانەی ئاشکران وئەوانەش کە شاراوەن): واتا بەهۆی غیرەتەوە خودا قەدەغەی کردووە لەسەر بەندەکانی کە نزیکی تاوان وبێڕەوشتی بکەونەوە، وئەم تاوانانەش ئەوانەن کە تاوانی گەورەن بە لای ئەو کەسانەی کە نەفس ودەروونیان پاکە وئەقڵیان سەلامەتە وەکو تاوانی زینا. (ئەوانەی ئاشکران): ئەو تاوانەن کە بە ئاشکرا

ئەنجامدەدرێن کە تاوانی ئەندامەکان دەگرێتەوە ئەگەر چی لە شوێنێکی نهێنیش بێت. (وئەوانەش کە شاراوەن): ئەو تاوانەن کە لە نهێنیدا ئەنجامدەدرێن وهەروەها تاوانەکان وخیانەتەکانی چاو ودڵیش دەگرێتەوە کە تەنها خودا دەیبینێت وپێی دەزانێت. (وهیچ یەکێک بیانوو هێنانەوە وئاگادار کردنەوەی پێخۆش نییە وەکو خوای گەورە؛ بۆیە پێغەمبەرانی ناردووە کە موژدە دەدەن وهەڕەشە وئاگاداری دەدەن): واتا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی خەڵکی بیانوو وعوزریان هەبێت وئاگاداریان بکاتەوە، پێش ئەوەی سزایان بدات، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا} واتە: {پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ ئەوەی موژدەدەر وترسێنەر بن، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی نەبێت بەڵگەیان بۆ نەمێنێت بەسەر خوداوە لە پاش (ناردنی) پێغەمبەران وخودا هەمیشە شکۆدار ودانایە}. (وهیچ کەسێک ستایشکردنی پێخۆش نییە وەکو خوای گەورە بۆیە پەیمانی چوونە بەهەشتی داوە -بە ئیمانداران-): ئەمیش بەهۆی ئەوپەڕی بێخەوشی وکامڵبوونی، وخودا پێی خۆشە کە بەندەکانی ستایشی بکەن لەسەر فەزڵەکانی وبەخشینەکانی، بۆیە جۆرەها نیعمەتی پێبەخشیوون ولێیان ڕازی دەبێت ئەگەر حەمد وسوپاسی بکەن بەهۆی ئەو نیعمەتانەوە، وهەرچەندە بەندەکان ستایش وسوپاسی خودا بکەن ئەوا ناتوانن بگەن بە ئەو ئاستەی کە خودا شایستەیە بە حەمد وسوپاس وستایشکردن وپەرستن، بۆیە وەسفی خۆی کردووە، وپەیمانی بەهەشتی داوە بۆ ئەوەی بەندەکان زۆر داوای لێبکەن ولێی بپاڕێنەوە وستایشی بکەن، ولەم کردەوانەشدا تێبکۆشن وهەوڵبدەن هەتا دەتوانن؛ چونکە بەهەشت نیعمەت وخۆشی ڕەهای تێدایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8296